# ڕوانگەو بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە بەرپابوونی شۆڕشی ئێران لە ساڵی 1979 دا


**Ismael Abdalrahman Sahed**

Ismael.Abdalrahman@koyauniversity.org

Department of History,Faculty of Education, Koya University

## پێشەکی:

شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران وەک گەورەترین رووداوی سیاسیی لە مێژووی هاوچەرخی ئێران روانگەو بۆچوونی جیاوازی لەسەر هۆکارەکانی بەرپابوونی ئەم شۆڕشە هەیە. لەم سمینارەدا هەوڵدەدرێت روانگە جیاوازەکان باسبکرێ و توێژەر روانگەی خۆی لەم بارەیەوە دەخاتەڕوو، کە ئەم شۆڕشەی بە شۆرشی ئیسلامی ناوزەند دەکات، کە پێی وایە بەرهەمی پێکدادانی نەریت و مۆدێرنەیە و باسی لە رۆڵی رۆحانیەتی شیعە دەکات لە رێبەری کردنی ئەم شۆرشەدا.

# هۆکارەکانی بەرپا بوونی شۆڕش:

1_ پەرەسەندنی نارێك
2_ ئینتیدابی نەوت
3_ نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی
4_ ململانێی نەریتی و مۆدێرنە
5_ غایب بوونی ئازادیە دیموکراتیەکان

## گرینگی شۆڕش:

یەکێك لە گرینگترین ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم بوو، کۆتایی بە سیستەمی 2500 ساڵەی شاهەنشاهی دەسەلاتی بنەماڵەی پەهلەوی، ئالوو گۆڕی گرینگ لە هاوسەنگی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چونی ئیسلامی سیاسی بۆ قۆناغی کرداری لە ناوچەکە.

# ڕێبەرانی شۆڕش:

ڕووحیانیەتی شیعە بە هۆی پێگەی جەماوەری و مێژووی (1501) ی خۆی لە مێژووی ئێراندا و بە کەڵك وەرگرتن وەرگرتن لە پێکدادانی مۆدێرن و نەریت و هەستی ئاینی کۆمەڵانی خەڵك (شیعە) کە ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی سیکۆلار جڵەوی شۆڕش بە دەستەوە بگرن.